## داهێنەری « میکی ماوس »

# واڵت دیزنی





ئامادە کردنی :
دلێر ئیبراهیم

واڵت دیزنی، لە ساڵی ١٩٠١ لە شاری شیکاگۆی ئەمریکا لە دایک بووە.

ئەم مرۆڤە بەپێشەنگی هونەرمەندانی سینەمای فیلم کارتۆن دائەنرێت، شاری دیزنی لاند کە لە ساڵی ١٩٥٥ کرایەوە، ئەم هونەرمەندە لەوێ کارەکانی نمایش کرد، گەورەیی ئەم هونەرمەندە لەوەدایە کە بەتەواوی هەستی بە خولیا و ئارەزووی منداڵان کردووەو لەنهێنی و هێزی منداڵان گەیشتووە.

هەر ئەمەش وایکردوە ئەم مرۆڤە ببێتە ئەم هونەرمەندە ناودارە. کەسایەتییە کارتۆنییە بەناوبانگەکەشی (میکی ماوس) واتە (مشکە میکی) لە ساڵی ١٩٢٨ دا داهێنا، هەروەها کەسایەتی کارتۆنی دیکەشی داهێناون، وەک (فرۆکەی کرازی) و (پاپۆڕی ویللی)، ئەم هونەرمەندە لە ساڵی ١٩٦٦ دا مردوە.